سەروتار



یوسف لەتیف

# کارەساتی گەورە و شاکاری بچووک

دیرۆکی میللەتان پڕە لە کارەساتی بچووک و لێوانلێویشە لە کارەساتی گەورە، ئەمانە هەموو کەرەستە و بابەتگەلێکن کە مرۆ دەتوانێ لێیانەوە پەند و بنخان و گوزارشتەکانی وردەکاتەوە و سەرلەنوێ شتی نوێی لێ بەرهەم بهێنێتەوە لێ وەرە ڕابردووی خوێناوی ئێمە کە چەندێک شۆڕش و نەهامەتی گەورەی وەک کیمیاباران و هەڵەبجە و بەعەرەبکردنی کەرکووک و... هتد تێدا گوزەری کردووە. کەچی کە سەیری بەرهەمی تەریبی ئەو ڕووداوانە دەکەی، هەندێکیان نەک کارەساتەکانیان گەورە نەکردووەتەوە بەڵکو بچووک و بێ بایەخشیان کردووە. لە کاتێکدا میللەتان هەندێ جار لە وەهم مێژوو دیرۆکی خۆیان دەوڵەمەند دەکەن، کارەساتێکی وەک ڕووداوە دڵتەزێنەکەی کەشتی تایتانیک دوای زیاتر لە نەوەت ساڵ بەو ڕووداوەدا کەچی شاکارێکی هونەری ئەوتۆی لێ بەرهەم هات کە هەست و

سۆزی هەموو دنیای بۆ لای خۆی کێش کرد. ڕۆمانی بەفری ئۆرهان پاموک کە تێیدا لە شارێکی بچووکی وەک قارسدا هەموو کێشە و ڕووداوە کۆن و ئاڵۆزییەکانی هەموو تورکیای تێدا کۆ کردووەتەوە و وەک شاشەیەک هەموو ئەو وڵاتە دێنێتە پێش چاومان، بەختیار عەلی وتەنی هیچ کەسێک ناتوانێت هەموو ڕووداوەکان هەموو شتەکان لە ڕۆمانێک جێ کاتەوە، بەڵام لاریش نییە هەریەک لەو کێشانەی کە باسمان لێیانەوە کرد شتێکی ئەوتۆی لێ بەرهەم بێ ئێمە تووشی واق ورمان و تاسە بکات، ڕاستە گۆمی قووڵ بۆ مەلە خۆشە واتا ئەو جەنجاڵی و گۆڕەپانانەی کە ڕووداویان زیاترە کەرەستە و نووسین دەوڵەمەندتریش لە خۆ دەگرێ وەک قەراغ ڕووباری کاریبی کە مارکیز لەو کەنارەوە توانی هەمووان ڕاکێشتە سەر ڕۆمان سەد ساڵ تەنیایی و خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلیرەدا، بەڵام لە جێگەی تەنگیشدا دیسانەوە شتی جوانی نوێ خولقاوە وەرە سەیری باخچەی مارگیرت دۆرا بکە لەو دیمەنە بچووک و کەسایەتییە کەمەدا توانیویەتی شتێکمان پێ بڵێ و هەموو خەڵکی تووشی سەر سووڕمان بکا کەواتە ڕاستە کارەساتی گەورەی وەک جەنگەکانی جیهانی شتی جیهانیشی بەرهەم هێناوە. بەڵام لە بچووکیشداو لە شوێنی تەنگیشدا نووسینی گەورە بوونی هەیە. کارەساتەکە لەوەدایە تۆ دەیان قارەمانت هەیە دەیان سەرکردەی شەهیدی لەخۆبردووت هەیە هەزاران دێ و شوێنی خاپوور بوو کەچی لە نووسیندا نین و دەبێ بچین گیڤارا و نیون فانترۆی بخوێنینەوە لە هەڵەبجەدا جگە لە لاوکی هەڵەبجەی ڕەفیق سابیر کەسێکی تر لەو هونەری تر نەیوت بەتەنیا جێم مەهێڵن، کەرکووک لە ڕۆمانەکانی موکری و عەبدوڵڵا سەراج و چیرۆکی ئەم خانمە ژنەی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و چیرۆکی کەرکووکی ئارابخای جەلیل کاکە وەیس... هتد هەندێ نووسینی تردا نەبێ هەر ناوی نەهاتووە... ئەوا ئەنفالیش هەر لێ گەڕێ... کە هەر دیمەن و ئیڤا و قافڵەیەک هەر خێزان و دێیەک هەوێنی دەیان شاکاری گەورەبوو کەچی ئێمە شتی ئەوتۆمان لە کتێبخانەی کوردیدا نییە و نەمانتوانی میللەتان ڕاکێشینە ناو کارەساتەکانمانەوە... بۆیە میللەتی ئێمە دیرۆکی ئێمە پڕ لە ڕووداوی گەورە و لێوانلێویشە لە بەرهەمی بچووک. مەگەر داغلی خەڵک و قەڵەمی تر کەوین ڕووداوە گەورەکانمان بۆ بکەنە شاکاری گەورە. ڕاستە کار و ئیش کراوە. بەرهەم هەیە ئێمە پێی سەرسامین بەڵام کە دنیا پێ سەرسام بێ بەداخەوە نییە.